نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی حزبی دەعوەی ئیسلامی هەڵبژێردرایەوە

حزبی دەعوەی ئیسلامی ئەمڕۆ لە میانی کۆنفرانسی نێزدەهەمی خۆیدا، نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی هەڵبژاردەوە.

بەگوێرەی سەرچاوە سیاسییەکان، حزبی دەعوەی ئیسلامی ئەمڕۆ شەممە لە کۆنفرانسی نێزدەهەمی خۆیدا نوری مالیکی وەک ئەمینداری گشتی هەڵبژاردەوە.
لە ساڵی 1970 مالیکی پێوەندی بە حزبی دەعوەی ئیسلامی ئۆپۆزسیۆنەوە کردوە کە کۆنترین حزبی شیعەیە لە عێراقدا، لە ماوەی ساڵانی خەباتی سیاسیدا لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە دەستگیر و گۆشەگیر کراوە و تا لە ساڵی 1979 عێراق بەجێدەهێڵێت دوای ئەوەی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا.
دوای ڕاکردنی لەە عێراق، مالیکی سەرەتا لە سوریاو تا ساڵی 1982 جێگیربوە، دواتر چوەتە ئێران و پاشان لە کۆتایدا گەڕاتەوە بە سوریا، تا ڕوخانی ڕژێمی سەدام لە 2003 لەوە ماوەتەوە.

لە ساڵی 2003 دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام مالیکی گەڕاوەتەوە بە عێراق، بوە بە ئەندامی یەدەگی ئەنجومەنی کاتیی حکوم لە عێراق، دواتر بوە بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کاتیی لە عێراق،

جەنگری سەرەکی دەستەی (ریشەکەشکردنی بەعس)، کە دەزگایەك بو پەل بریمەر، حاکمی عەراق لە ساڵی (2003-2004) دروستیکرد.

نوری مالیکی هەروەها لەساڵی 2006 بە پەکهەنانی یەکەمین حکومەتی هەبژەردراوی عەراق ڕاسپەردرا و بە ماوەی دو خول (هەست ساڵ) سەرۆك وەزیران بو، لەئەستاشدا پارتەکەی یەکەکە لەگەورەترین پارتە شیعیەکانی عەراق.